www.kurdistannet.org
11/07/2003 03:14

# خوێندنەوەی شانۆیی شمشێری دیمەکلیس

خوێندنەوەی/ مەم- ڕاگەیاندنی بەڕێوبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان
khanaywargeran@yahoo.com

شمشێری، دیمەکلیس کە لەنووسینی نوسەری تورکی نازم حیکمەتەو دکتۆر عەزیز گەردی لەئینگلیزییەوە کردوویەتی بەکوردی، لەدووتوێی ١٢٧ لاپەڕەی قەبارە مامناوەندیو بەچاپێکی جوانو بەتیراژی ٧٥٠ دانە، لەلایەن بەڕێوبەرایەتیی خانەی وەرگێڕانی سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە بەچاپ گەیەندراوە. .

ئەم کتێبە چاپکراوە کە زنجیرە (٧) ی چاپکراوەکانی بەڕێوبەرایەتی خانەی وەرگێڕانە، لەساڵی ١٩٧٤وە لەئینگلیزییەوە کراوە بەکوردیو بەر لە چەند مانگێك لەمەوبەر بەچاپ گەیاندرا. .

ئەم شانۆگەرییەی نازم حیکمەت کە بەناوی شمشێری دیمەکلیس یاخود ئەلف بێیە، کە ئەلف بێ کارەکتەری سەرەکی ناو شانۆگەرییەکەیە، تێکڕای کارەکتەرەکانی ناو ئەم تێکستە شانۆییە "١" کارەکتەرنو پەیوەندییەکی بەهێز لەنێو سەرتاپای کارەکتەرەکان دا هەیەو هەریەکەیان بەجۆرو شێوازی جیاجیا بەشداری لەچنینی درامی ئەم تێکستە شانۆییەدا دەکەن، کە گرنگترین کارەکتەری ناو شانۆگەرییەکە، (کەسێتی ئەلف بێ) یەکە لەنامەیەکیدا بۆ هەردوو کارەکتەر "ئەندازیاری بیناسازیو خێزانەکەی" وردەکاریی ڕووداوو بەسەرهاتەکانی خۆی بۆیان دەگێڕێتەوە کە لێرەدا تاڕادەیەك ئەم کارەکتەرە ڕۆڵی حیکاتخوانیش دەبینێ، هەروەك چۆن لەهەندێك دەقی شانۆییدا حیکایەتخوان بوونی هەیەو بە بەردەوامیو بەدرێژایی ڕووداوەکانی ناو شانۆگەرییەکە باس لە قۆناغە یەکلەدوای یەکەکانی ناو ڕووداوەکان دەکا، بەهەمان شێوەو لەم تێکستە شانۆییەیشدا، کارەکتەری "ئەلف بێ" لەڕێگای نامەیەکەوە بۆ هەردوو کارەکتەر "ئەندازیاری بیناسازیو هاوسەرەکەی" ئەو ڕووداوانە باس دەکاو دەگێڕێتەوە کە لەدوای دابڕانی لێیان (واتە دابڕانی کارەکتەری ئەلف بێ لە ئەندازیاری بیناسازیو خێزانەکەی، تووشی هاتووە.

واتا سەرەتاکانی ئەم شانۆگەرییە، لەونامەیەوە دەست پێدەکا کە لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد.

هەر لەسەرەتای شانۆگەرییەکەوە دەنگی "ئەلف بێ" تێکەڵ بە دیالۆگو پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو کارەکتەری ئەندازیاری بیناسازیو خێزانەکەی دەبێو لەیەکەم سەردێڕی نامەکەی "ئەلف بێ"وە دەردەکەوێ کەناوبراو هاوڕێی قوتابخانەی کەسێتیی "ئەندازیاری بیناسازی"بووە.

لەناو ئەم شانۆگەرییەی " نازم حیکمەت" داو لەمیانەی دیالۆگی کارەکتەرەکانەوە کەتێکڕایان زادەی بیرو ئەندێشەی نازم حیکمەتی نووسەرن، بەروونی ئەوە دەردەکەوێ: نووسەر ڕەخنە لەزۆر لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێ، ئەو پەیوەندییانەی تیایاندا ڕێز بۆ بەها ئینسانییەکان دانانرێو مرۆۋ لەپێناو مەرامە دزێوەکانی ئامادەیە ئەوپەڕی هەوڵو بدات، نەك بۆ کارێکی مرۆۋ دۆستی، بەڵکو هەوڵێك کەبتوانێ لەرێیەوە ملی کەسانی تری پێبشکێنێ. .

ئەم شانۆگەرییە، کە لەڕووی ناوەڕۆکەوە هەڵگری دونیایەکی واقیعیە، بەڵام خستنەڕووی بۆ سەر تەختەی شانۆو بەتایبەتی بۆ کۆمەڵگایەکی خۆرهەڵات کارێکی زەحمەتە، ئەمەیش لەو ڕوانگەیەوە کە ئەو تێپەڕاندنەی ئەم دەقە شانۆییە بانگەشەی بۆدەکا، لەم قۆناغەدا بۆ نمونە لەکۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای کوردیدا کارێکی زەحمەتە. بۆ نمونە لەچەند دیمەنێکی شانۆگەرییەکەدا، کچان تەنها بەرگی ژێرەوەیان لەبەردایەو هەروەها لەچەندین دیمەنداو لەلایەن کچی دادوەرەوە بۆ نمونە، کەیەکێکە لەکارەکتەرەکانی ئەم تێکستە شانۆییە، کارەکتەری"ئەلف بێ" لەئامێز دەگیرێو هەروەها بەپێچەوانەیشەوە"ئەلف بێ" چەند جارێ کارەکتەری "کچی دادوەر" لەئامێز دەگرێو ماچی دەکا.

کچی دادوەر، کەلەم شانۆگەرییەدا ڕۆڵی سەرەکی هەیە، هەروەك لەنامەکەی"ئەلف بێ"شدا دەردەکەوێ بۆ ئەندازیارو خێزانەکەی، " کچی دادوەر" عاشقی کارەکتەری "ئەلف بێ" دەبێو دواجار لەلایەن پیاوانی دادوەرەوە هەوڵدەدرێ بۆ بەرگرتن لەم عەشقەو کوشتنی ئەم پەیوەندییە دڵدارییە، بۆیە هەریەکە لەکارەکتەری وەکیلی جێگر، زۆرانبازو دەلاڵشێلگیرانە هەوڵ دەدەن بۆ بەرگرتن لەو خۆشەویستیە، بەڵام هەوڵەکانیان شکست دێنیتو، دواجار لەسەرەمەرگداو

کاتێ "کچی دادوەر" کە خێزانی کەسێتی"ئەلف بێ" یە، ئیعتراف دەکا لە خیانەتی لێکردووەو مناڵەکەی لەپیاوێکی ترە. . وهتد.

ئەم ئیعترافەی کچی دادوەر کە نووسەر لێیەوە شانۆگەرییەکە دەگەیەنێتە ترۆپکی رووداوەکان، هەروەك چۆن بەروونیو ئاشکرایی ئەم حاڵەتانە لەشانۆی تەقلیدی بەتایبەتی لەشانۆی گریکی کۆندا هەیەو دواجار لەوێوە مەسەلەکان، یەکلاییدەبنەوە.

واتا، ئەم شانۆگەرییەی نازم حیکمەت، تاڕادەیەك هەڵگری ئەو بنەماو چنینە درامیانەیە کەلەشانۆی گریك یان کلاسیکدا هەبوون، بەدیویێکی تریشدا هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی فۆرمێکی نوێ لەبونیادنانی درامیدا لەناو شانۆدا، کەتیایدا رووداوەکانی رابردوو، لەرێی نامەکەی ئەلف بێوە بۆ ئەندازیاری بیناسازیو خێزانەکەی ئاوێتەی ئەوباسو رووداوانە دەبن کە لەئێستادا روودەدەن، واتا ئێستای خوێندنەوەی نامەکە لەلایەن هەریەکە لە ئەندازیاری بیناسازیو خێزانەکەی. .

ئەم ئاوێتەبوونەی زەمەنی رابردوو بەئێستا، لەوێدا بەروونی ئاشکرا دەبێو دەگاتە خوێنەر، کە لەکۆتاییەکانی شانۆگەرییەکەداو دوای تەواوبوونو خوێندنەوەی تەواوی نامەکەی ئەلف بێو کۆتایهاتنی رووداوەکانی ناو نامەکە، کەبەسەرهاتی کارەکتەری ئەلف بێ یان شمشێری دیمەکلیسە، دەبینین کارەکتەری ئەلف بێ، ئەمجارەیان نەوەك لەرێی نامەوە بەڵکو بەفیعلیو دوای دابڕانی چەند ساڵێ لەیەکتری، دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەندازیاری بیناسازیو هاوسەرەکەی. .

هەر لەم شانۆگەرییەدا، نازم حیکمەت لەرووی رەخنەگرتنی لەکۆمەڵگا زیاتر رەخنە لەکەرتی ئەرستۆکراتی دەگرێ، کەدادوەر یەکێکە لەوانەی نوێنەرایەتیی توێژی ئەرستۆکراتی دەکاو لەرێی دیالۆگێکی کەسێتیی "زۆرانباز"وە، کە لەلاپەڕەی (١٨) ی ئەم کتێبەداو بەرانبەر بەکچی دادوەر دەریدەبڕێ، زۆرانباز دەڵێ: "ئەمڕۆ کچی خانەدانەکان لەکچی سەرشەقام خراپتریان لێهاتووە".

ئەم دیالۆگەی کەسێتی زۆرانباز، کەنازم حیکمەت بەخوێنەری دەدا، لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کەشتێك نەماوە ناوی پیرۆزبێو چیتر ناشێ بەچاوی پیرۆزو مەزنیەوە لەخانەدانیش بڕوانین، بەڵکو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بەڕادەیەك لێکتر ترازاون کە کچی خانەدانێكو کچێکی لەشفرۆشی سەرشەقام هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا نەمێنێ، بەڵکو تا ئەو رادەیەی نووسەر پێی وایە کچانی سەرشەقام لەکچە خانەدانەکان هێشتا باشترن. .

یەکێك لەلایەنە جوانەکانی ئەم دەقە شانۆییە کەنووسەر توانیویەتی تیایدا سەرکەوتووبێ، مەسەلەی گرێدانەوەی رابردووە، بەئێستاو بەستنەوەی دیمەنەکانی ناو رووداوەکان یاخود ناو ئەو رووداوانەی لەنامەکەی ئەلف بێدا ئاماژەیان پێکراوە، بۆ ئەو رووداوانەی لەساتەوەختی خوێندنەوەی نامەکەداو لەنێوان هەردوو کەسێتیی "ئەندازیاری بیناسازیو هەوسەرەکەی"دا روودەدەن، بۆ نمونە کاتێ لەناو نامەکەدا رووداوێك دەگێڕدرێتەوەو کەسێتیەك باس لەمەسەلەیەك دەکا، کەهەڵبەت ئەمە لەشانۆدا (واتا گەڕانەوە بۆ رابردوو) فلاش باگی پێدەوترێ، واتا لەفلاش باگەکانداو دواجار گەڕانەوە بۆ کاتی ئێستا (الوقت ÑÖÇÍáÇ) ی رووداوەکان، یەکەمین دیالۆگی هەریەکە لەکەسێتیەکانی ئەندازیاری بیناسازیو هاوسەرەکەی بەشێوەیەکە کەپەیوەندی راستەوخۆیان بەدوایین دیالۆگی ئەو فلاش باگەوە هەبووە.

بۆئەوەی زیاتر ئەمە روون بێتەوە:

لەلاپەڕە ٢٦ی ئەم کتێبەداو لەدیالۆگی "کچی دادوەر"دا کەئەمە لەناو رووداوی نامەکەی ئەلف بێدا باسکراوە، ناوبراو دەڵێ: "تاقمەکەی تریش وەکو دەڵەپڵنگن". .

لەوێدا ئەو دیمەنە کۆتایی پێدێو کاتێ رووناکی دێتەوە سەر هەردوو کەسێتی"ئەندازیاری بیناسازیو هاوسەرەکەی"، کەبەشدارن لەگوێگرتن لەرووداوەکانی ناو شانۆگەرییەکە، کەهەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد رووداوەکانی ناو نامەکەن، لەکاتی دیمەنی دوای ئەو دیالۆگەی کچی دادوەر، راستەوخۆ دیالۆگێکی ژنی ئەندازیارەکە هەیە کەبەمجۆرەیەوە بەئەندازیارەکە دەڵێ: " ئاخۆ من لەکام جۆرم". ئەم پرسیارە راستەوخۆ گرێدانەوەیە بەدوایین دیالۆگی دیمەنی پێشوو، واتە ئەو فلاش باگەی پێشتر ئاماژەم پێکرد. .

بۆ ئەوەی زیاتر روون ببێتەوە مەبەست چیە لەفلاش باگ، دەشێ ئەوە بڵێین کەفلاش باگ، واتا گێڕانەوەی یاخود باسکردنی قۆناغێك یان رووداوێکی دیاریکراو کە لەڕابردووی کەسێکدا رووی داوە کە لەحاڵی حازردا باسیان لێوە دەکا. . بۆیە، ئەو فلاش باگەیش کەتیایدا "کچی دادوەر" ئەو دیالۆگە دەڵێ، رووداوێکە کە لەرابردوودا بەسەر کەسێتیی "ئەلف بێ"دا هاتووە کە لەحاڵی حازرداو لەڕێی نامەیەکەوە بۆ ئەندازیاری بیناسازیو هاوسەرەکەی دەگێڕێتەوە.

لەخوێندنەوەی ئەم شانۆگەرییەوە، خوێنەر هەست بەوە دەك: کەنووسەری شانۆگەریی ناوبراو، ئاگاداری ئەو رووداوانەیە کە ئاوێتەی ناو شانۆگەرییەکەو دیالۆگی کارەکتەرەکانی کردووە، بۆ نموونە رووداوەکەی یوسف پێغەمبەر کە براکانی حەسودیان پێدەبردو فڕێیان دایە ناو بیرەوە. .

لەناو ئەم شانۆگەرییەدا، کارەکتەرەکان بەگشتیو بەتەواوی رەهەندی کەسێتیان روونو ئاشکرانیەو، هەندیجار چەند دیالۆگێکی فەلسەفی لەزاری کارەکتەرێکەوە دێتە دەرێ کەشیاوترە یەکێکیتر لەکارەکتەرەکانی ناو شانۆگەرییەکە ئەو دیالۆگە بڵێ، بۆ نمونە کارەکتەری "وەکیلی جێگر" لەلاپەڕە (١٢٢) ی ئەم کتێبەداو لەبەشێکی دیالۆگێکیدا دەڵێ: " ئەگەر هەرچی دەزانین ئاشکرای بکەین، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەژنو مێردانەوە هەیە، یەك ژنو مێرد لەشاردا نامێنێ".

ئەم بۆچوونە کەدیالۆگی ئەو کارەکتەرەیە، بۆچوونێکی جوانەو زۆر مەنتقی تیایە، شیاوتربوو دیالۆگێکی لەو جۆرە لەزاری کارەکتەری ئەلف بێوە بێتە دەرێ کە دەردەسەرییو چەرمەسەرییەکانی ژیان چەندین حیکمەتی فێرکردووە، کەدەشێ ئەوەیش یەکێکی تربێ لەو حیکمەتانەی ژیان فێریکردووە.

ئەم شانۆگەرییەی نازم حیکمەت پێماندەڵێ: سەرباری ئەوەی بەدحاڵیبوون هەیە، بەڵام هێشتا جوانی ماوەو دەشێ ئێمە لەزۆر لەو غەدرانەی لێمان دەکرێ دڵمان وەکو کارەکتەری ئەلف بێ گەورەبێو واز لەتۆڵەسێنی بهێنین. .

سەرباری ئەوانە، لەناو ئەم شانۆنامەیەدا زۆر حاڵەتی تیایە کە لەدیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکیتر ئەو سیناریۆیانەی نووسەر نووسیونی، زەحمەتە لەسەر تەختەی شانۆ بتوانرێ بەرجەستە بکرێن، کە زیاتر بۆ بەردەم بەرهەمێکی سینەمایی یاخود تەلەفزیۆنی توانای جێبەجێکردنیان هەیەو رۆئیای نووسەرەکەی زیاتر رۆئیایەکی سینەماییە وەك لەوەی شانۆیی بێو بەو ئاراستەیە نووسرابێ کە مامەڵە لەگەڵ سەرتەختەی شانۆدا کرابێ. .

سەبارەت بەوەرگێڕانیش، وەرگێڕی کوردی کە سەرباری ئەوەی مامۆستایەکی شارەزای بواری زماوانەوایەو دکتۆرێکی پسپۆڕە، بەڵام لەهەندێ شوێندا لەناو دیالۆگەکاندا چەند دەستەواژەیەکی زمانەوانی بەکارهێناوە کەبۆ زمانی شانۆو نمایشی شانۆیی بەجێ نییە، چونکە زمانی شانۆ زمانی سەر جادەیە وەك لەوەی زمانی ئەدەبی بێ، ئەمە سەرباری ئەوەی لەهەندێ شوێندا چەند وشەیەکی بەکارهێناوە کە مۆسیقی رستەکانی تێکداوە، بۆ نموونە لەهەندێ شوێندا لەبری ئەوەی بنوسرێ " ماچێکی دەکا"، وەرگێڕی کوردی دەنوسێ: ماچی لێدەکاتو. . هتد یاخود ئەم دەستەواژانەی بەکارهێناوە:

. خۆت مەگنخێنە، لەلای خوێنەران بەگشتی (مەگنخێنە) رون نییە.

. دەگرژێتەوە/ دیسانەوە ئەمەیش لەلای زۆربەی خوێنەر رون نییە.

. دەتەوێ کوکە بنێیتەوە– ل٩١/ دیسانەوە دەستەواژەی "کوکە" لەلای زۆربەی خوێنەران رونو ئاشکرا نییەو. . هتد

بەڵام دەشێ ئەوەیش بڵێین: چاپکردنی ئەم شانۆگەرییە بەو چاپە جوانەو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕانی سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری، خزمەتێکی بەرچاوە بەکتێبخانەی کوردی لەڕووی دەوڵەمەندکردنی بەدەقی شانۆیی بیانیو خزمەتگەیاندن بەشانۆکارانی کورد.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.